# پاپۆڕی فڕیو

حیکایەتێکی میللی رووسییە

گێڕانەوەی:

**ئەلیکساندەر ئافاناسیڤ**

وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە

**محەمەد فەریق حەسەن**

وێنەکێشان: شێروان موحسین



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

* * *

ناوی کتێب: پاپۆڕی فڕیو – حیکایەتێکی میللی رووسییە

گێڕانەوەی: ئەلیکساندەر ئافاناسیڤ

وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن

بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٣١

دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب – دلاوەر صادق اٌمین

دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم

خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە

پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا

هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود

چاپی یەکەم: هەولێر– ٢٠٠٤

ژمارەی سپاردن لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر: ٢٠٠٣/٤٠٠

# پاپۆڕی فڕیو

هەبوو نەبوو سەردەمی زوو، دەگێڕنەوە دەڵێن: ژن و مێردێکی جووتیار سێ کوڕیان هەبوو... کوڕی ناوەنجی و گەورە زیرەک و چاپووک بوون. ڕەفتار و ئاکاریان جوان بوو. بەڵام هەرچی کوڕی بچووک بوو حسابی ساویلکە و لاژگیان بۆ دەکرد.

دایکیان زیاتر نازی بە کوڕە گەورەکانی دەدا. بەڵام کوڕی گچکە کە (ئیڤان)ی ناوبوو ببووە جێگەی پێکەنین و لاقرتی. چونکە ئەو لە بری ئەوەی بچێ لە کێڵگەکەدا کار بکات، خووی پێوە گرتبوو بەتوێی پانتۆڵێکی دڕاوەوە لەپاڵ تەندوورەکەدا یەک تەختە لێی ڕاکشێ.

ڕۆژێکیان پەیامبەری قەڕاڵ بە نامەیەکەوە هاتە دێ. نامەکە سەبارەت بەوە بوو، هەرکەسێ بتوانێ پاپۆڕێکی فڕیو دروست بکات، ئەوا قەڕاڵ شازادە خانی کیژی خۆی پێشکەش دەکات و دەبێتە زاوای. جووتە برای ناوەنجی و گەورە، پەرۆش بوون بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە و ئامادەبوون بۆ ئەم مەبەستە بکەونە ڕێ.

باوک و دایکیشیان ئەم هەنگاوەیان پەسەند کرد. دایکیان توێشووی بۆ پێچانەوە. بۆ هەر یەکێکیان نانێکی گەورەی گەنم، پارچەیەکی گەورە گۆشت بەرخ و شووشەیەک ئاوی خستە نێو توێشەبەرەیەکەوە.

ئیڤانی لاژگ بەچاو و گوێی خۆی هەموو شتێکی دیت و بیست. ئەمیش هەروەها داوای لە دایک و باوکی کرد ڕێگەی بدەن بۆ هەمان





گەشت و مەبەست بچێ. دایکی هەوڵی لەگەڵ دا پاشگەزی بکاتەوە، چونکە پێی وابوو کاری وەها لە دەست ئەم نایەت. بە تیز پێکردنەوە وتی: «لێم ڕوونە تۆ دەبیتە نێچیری گورگان!»

بەڵام ئیڤان بە دڵتەنگی و بێزارییەوە لەسەری ڕۆیی: «ڕێم بدەن منیش بچم. ئای دایە، هەرچۆنێ بێ، دەبێ بوارم بدەن ئەم سەفەرە بکەم».

دایکی تێ گەیشت کە ناتوانێ پەژیوانی بکاتەوە. بۆیە لە کۆتاییدا قایل بوو؛ پارچەیەک نانی جۆ و شووشەیەک ئاوی چاڵاوی دایە و بە دوایدا شەق دەرگای پێوەدا.

ئیڤان تەواو دوور کەوتبووەوە کاتێ تووشی پیرەمێردێک هات. سڵاویان لە یەکدی کرد. ئیڤان لێی پرسی داخۆ ڕووەو کوێ ئۆغر دەکات.

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە: «بە دنیادا دەگەڕێم. ئەوەندەی بتوانم یارمەتیی خەڵک دەدەم».

ئەمجا پرسی: «ئەی بەخێر تۆ کێی؟»

«لەماڵەوە بە ئیڤانە لاژگ بانگم دەکەن.»

«تێ گەیشتم. جا تۆ بەخێرێ بەرەو کوێ ڕێگەت گرتۆتە بەر؟»

ئیڤان وتی: «بۆ لای قەڕاڵ. ئەو پەیمانی داوە شازادە خانی کچی پێشکەش ئەو کەسە بکات کە بتوانێ کەشتییەکی باڵدار دروست بکات.»





«جا تۆ دەتوانی کەشتییەکی وەها دروست بکەی؟»

«نەخێر لە توانامدا نییە.»

«کەوا بوو بۆچی بێهوودە ڕێت گرتۆتەبەر؟»

ئیڤان وەڵامی دایەوە: «ئەوەیان خودا بۆ خۆی دەزانێ، بەڵام لە ماڵیشەوە هیچ کارێکم لە دەست نایەت.»

پیرەمێردەکە وتی: «کەواتە ڕاستیی مەسەلەکە بەم شێوەیەیە. دەفەرموو لێرە دابنیشە با پشوویەک بدەین. پیشانم بدە بزانم چی لە توێشەبەرەکەتدایە.»

ئیڤان وتی: «شتێکی ئەوتۆم پێ نییە. شتێکە ئەوە ناهێنێ. وەک دەڵێن دیاریی شوان هەڵەکۆکە. ئەوەشی خودا دابێتی بە ئێمە دەکرێ چاکەی پێوە بکەین!»

کاتێ ئیڤان توێشەبەرەی واڵاکرد بڕوای بە چاوەکانی خۆی نەکرد. لە بری نانی جۆ نانێکی گەنمی جوان و زۆر خۆراکی دیکەی بە تامی دیت. ئیڤان هەموو ئەو خواردنانەی لەگەڵ پیرەمێردی نەناسدا وەک برا بەش کرد.

پیرەمێرد کاتێ گوێی لە چیرۆکی ئیڤان بوو وتی: «چاوت لێیە. خواوەند لەگەڵ لاژگەکانیشدا مەبەست و نیازی چاکی هەیە. دایکە میهرەبانەکەت تۆی خۆش ناوێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ ڕۆژگاردا خۆشبەختی بەدەست دێنێ... تۆ جارێ لێ گەڕێ با سەرو قوم ئاو نۆش بکەین.»





سەرەتا شووشەکە ئاوی چاڵاوی تێدابوو، کەچی ببووە ئاوی پاک... ئەوان خواردیان و خواردیانەوە... پاشان پیرەمێرد وتی:

«ئێستا گوێم لێ بگرە. بچۆ نێو دارستانەکەوە و لەپاڵ یەکەمین درەختی گەورەدا بوەستە. لەوێ دەبێ سێ جاران نوێژ بکەی. پاشان دەبێ بە تەور قەدی درەختەکە ببڕیتەوە. ئەمجا دەبێ لە ئاستی بنکەکەیدا لێی ڕاکشێیت و بخەوی. کاتێ خەبەرت بۆوە دەبینی کەشتییەکی باڵدار ئامادەیە... سەربکەوە سەری، بۆ هەرکوێ ئارەزوو بکەی دەتبات... بەڵام دەبێ لە ماوەی گەشتەکەتدا هەر کەسێکت پێ گەیشت سەری بخەیت و لەگەڵ خۆتدا بیبەیت.»

ئیڤان سوپاسی پیرەمێردی کرد بۆ ئامۆژگارییە بە سوودەکانی. ماڵاوایی لێ کرد و یەکسەر خۆی بە دارستانەکەدا کرد. هەرکە گەیشتە یەکەمین درەختی مەزن پیرەمێرد چۆنی گوتبوو بێ کەم و زیاد وەهای کرد.

نوێژی کرد و سێ جاران هێمای کڕنۆشی برد... بە تەور کەوتە وێزەی قەدی درەختەکە. لەپەوڕوو درێژ بوو، خەوی لێ کەوت.

دوای ماوەیەک بێدار بۆوە. هەڵسایەوە و لە پێش خۆیەوە پاپۆڕێکی تەواو ڕاستەقینەی بینی. بەبێ بیرکردنەوە و چاوپێداگێڕان سەرکەوتە سەری. پاپۆر باڵی گرت و دوورکەوتەوە.

ئیڤان بەسەر کێڵگە و گیاجاڕدا دەفڕی. لە هیکڕا پیاوێکی دیت.

لەسەر ڕاستە ڕێیەک پاڵ کەوتبوو. گوێیەکی بە زەوییە شێدارەکەوە





نابوو. ئیڤان بانگی کرد:

«ڕۆژباش خاڵە گیان.»

پیاوەکە وەڵامی دایەوە: «ڕۆژباش برادەری لاو.»

ئیڤان پرسی: «ئەوە خەریکی چیت؟»

«گوێم لەو قسە و باسانە گرتووە کە لەم دنیایەدا دەوترێن.»

«سەرکەوە بان کەشتییەکە. تۆ لەکاتی خۆیدا بەکەڵکم دێی.»

پیاوە گوێ سووکەکە بێ ئەوەی هیچ پرسیارێک بکات قایل بوو سەربکەوێتە بان کەشتییەکە و درێژەیان بە فڕین دا.

دەیان میل فڕین. بەدەم فڕینەوە چاویان بە پیاوێک کەوت لەسەر لاقێک بازی دەدا. لاقەکەی دیکەی لە ئاستی گوێیدا، بەسەرییەوە شەتەک دابوو... ئیڤان لێی پرسی:

«ڕۆژباش خاڵە گیان. بۆچی تۆ لەسەر یەک لاق باز دەدەی؟»


«جا خۆ ئەگەر لاقەکەی دیکەم ئازاد بکەم، ئەوا بە دوو لۆقان دەگەمە ئەوپەڕی زەوی.»

ئیڤان داوای لێ کرد: «سەرکەوە بۆ لای ئێمە. تۆ لە کاتی خۆیدا بەکەڵکم دێی.»

پیاوە خێراکە بە کەشتییەکەدا هەڵگژا و پێکەوە درێژەیان بە فڕین دا.

زۆر دوور فڕیبوون کاتێ پیاوێکیان دیت بە تفەنگێکەوە لە دۆخی





سێرەگرتندا وەستابوو. بەڵام هیچ نیشانەیەکیش لەو ئاستە نەدەبینرا.

ئیڤان وتی:

«ڕۆژباش خاڵە گیان... ئەوە سێرەت لە چی گرتووە؟»

تیرەندازەکە وەڵامی دایەوە:

«لەم ئاسمانە بەرینەدا باڵندەیەک ناکەوێتە بەر قەرەوڵی تفەنگم. من هەرگیز نیشان لە شتی نزیک ناگرمەوە. تەقە لە ئامانجێ دەکەم لانی کەم هەزار میل دووربێ.»

ئیڤان وتی: «سەرکەوە بۆلای ئێمە. تۆ لەکاتی خۆیدا بەکەڵکم دێی.» تیرەندزاکە سەرکەوتە بان کەشتییەکە بۆ لای ئەوان.

دوای ئەوەی ماوەیەکی دوور و درێژ فڕین. چاویان بە پیاوێک کەوت، سەبەتەیەکی زۆر گەورەی پڕ لە نانی لەسەر پشت بوو.

ئیڤان وتی: «ڕۆژباش خاڵە گیان. بەخێر بەرەو کوێ دەچی؟»

پیاوەکە وەڵامی دایەوە:

«من دەگەڕێم تا بڕێکی تەواو نان پەیدا بکەم، ئەوەندەی سکم تێر بکات.»

ئیڤان وتی: «ئەی ئەوە نییە پڕ سەبەتەیەک نانت لەسەر پشتە!»

«من حساب بۆ ئەو نەختە نانە ناکەم. ئەوە بەشی پارووییەکمە!»

ئیڤان وتی:





«کەواتە وەرە لە گەڵمان. تۆ لە کاتی خۆیدا بەکەڵکم دێی.»

ئەمیش بەکەشتییەکەدا هەڵگەڕا و پێکەوە درێژەیان بەفڕین دا.

پیاوی ئەمجارەیان کە تووشی هاتن، لە دەوروبەری دەریاچەیەک لە سۆراخ و گەڕاندا بوو.

ئیڤان وتی: «ڕۆژباش خاڵە گیان. ئەوە بە دوای چیدا وێڵی؟»

پیاوەکە وەڵامی دایەوە: «تینوومە و ئاوم بۆ نادۆزرێتەوە تا بیخۆمەوە.»

ئیڤان وتی: «بەڵام دەریاچەیەک ڕێک ئەوەتا لە پێشتەوە، بۆچی لێی ناخۆیتەوە؟»

پیاوەکە وتی: «جا ئەو چۆرە ئاوە چییە؟ ئەگەر بەشی قومێکم دەکات یان ناکات!»

ئیڤان وتی: «کەواتە وەرە لەگەڵمان. تۆ لەکاتی خۆیدا بە کەڵکم دێی.»

بەم شێوەیە، پیاوە تینووەکەش سەرکەوتە بان کەشتییەکە.

لەو دەمەدا بەسەر دارستانێکدا دەفڕین. چاویان بە پیاوێک کەوت بارێکی گەورە داری بە کۆڵەوە بوو.

ئیڤان سڵاوی لێ کرد:

«ڕۆژباش خاڵە گیان. بۆچی خۆت ماندوو کردووە، ئەو هەموو دارەت بە کۆڵدا داوە، لە کاتێکدا لێڕەوارەکە پڕە لە دار و چیلکە؟»





«چونکە ئەمەی وا بە کۆڵمەوە داری ئاسایی نییە.»

ئیڤان پرسی: «ئەی کەواتە چییە؟»

«شتێکی تەواو سەیرە. ئەگەر ئەم دارانە فڕێدەم، ئەوا یەکسەر لەشکرێکی پڕچەک لێرەدا پەیدا دەبێ!»

ئیڤان وتی: «کەواتە تۆش لەگەڵ ئێمە وەرە. تۆ لەکاتی خۆیدا بەکەڵکم دێی.»

پیاوەکە وەڵامی دایەوە: «بە ئارەزووی تۆ دەکەم.»

دوا ڕێبوار کە دیتیان پیاوێک بوو گورزەیەک بەڵمی هەڵگرتبوو.

ئیڤان وتی: «ڕۆژباش خاڵە گیان. ئەم هەموو بەڵمەت بۆ هەڵگرتووە؟»

«چونکە ئەمە بەڵمی ئاسایی نییە. ئەمە هاوینان ساردە. ئەگەر بڵاوی بکەیتەوە، ئەوا زستان بە بەفر و سەهۆڵبەندانەوە لەگەڵ خۆیدا دێنێ.»

ئیڤان وتی: «کەواتە وەرە لە گەڵمان بە. تۆ لە کاتی خۆیدا بەکەڵکم دێی.»

«من قایلم» پیاوەکە ئەوەندەی وت و سەرکەوتە بان کەشتییەکە.

دواجار گەیشتنە کۆشکی قەڕاڵ. لەو دەمەدا قەڕاڵ لەسەر مێزێک دانیشتبوو. کاتێ بە ئاسمانەوە چاوی بە کەشتییە نەناسراوەکە کەوت کە دەهاتە پێشەوە، خزمەتکارێکی ناردە دەرەوە تاکو بزانێ کێی





تێدایە. کە خزمەتکار دیتی هەموو ئەوانەی وان لە کەشتییەکەدا خەڵکانی سادە و ئاسایین، بەلەز گەڕایەوە کۆشک و بەقەڕاڵی ڕاگەیاند: «جووتیاری سادە و ساکار نەبێ هیچ کەسێکی پایە بڵند لە کەشتییەکەدا نییە.»

قەڕاڵ ماوەیەک لە فکران ڕۆچوو، ئەمجا وتی: «شایستەی ئەوە نین... من کچی خۆم نادەمە جووتیار و پاڵەی سادە. پێویستە ڕێگە چارەیەک بدۆزمەوە تاکو خۆمیان لێ ڕزگار بکەم.»


قەڕاڵ بیری لەوە دەکردەوە ڕێگەچارەیەکی ئەوتۆ بدۆزێتەوە، بەهۆیەوە کەشتییە باڵدارەکە بەرەو ڕووی تاقیکردنەوەیەکی سەخت بکاتەوە. بە خزمەتکارەکەی گوت:

«بچۆرەوە بۆ لایان و پێیان بڵێ من شووشەیەک ئاوی ژیانم لێیان دەوێ لە کانیی ژیانەوە هەڵگۆزرابێ. دەبێ بەرلەوەی ئەم مێزە جێ بێڵم ئامادە بێ.»

بەڵام یەکەم پیاو کە ئیڤان سەری خستە بان کەشتییەکە، گوێی لە هەموو ئەم قسانە بوو. بێگومان ئەو دەیتوانی گوێی لەو گفتوگۆیانە بێ کە لەوپەڕی دنیاوە دەکرێن... بۆیە هەمووی بۆ ئیڤان گێڕایەوە.

خزمەتکارەکە گەڕایەوە بۆلای پاپۆڕی باڵدار و ویست و فەرمایشتی قەڕاڵی پێ ڕاگەیاندن: «بەرلەوەی زەماوەند ساز بکرێ. قەڕاڵ کە ئێستا لەسەر خوانی شێوکردنە، داوای شووشەیەک ئاوی ژیان دەکات لە کانیی ژیانەوە هاتبێ. بەڵام دەبێ پێش ئەوەی ژەمی





شێوان تەواو بکات فریای بخەن.»

ئیڤان وەڵامی دایەوە: «بە ئارەزووی قەڕاڵ.»

برادەرەکەی، کە لاقێکی خۆی بەستبۆوە، خۆی ڕزگار کرد و بەچاو تروکانێک هەیپای لێ کرد. گەیشتە کانیی ژیان و شووشەیەکی پڕ ئاو کرد. ئەمجا بیری کردەوە:

«هێشتا کات بەدەمییەوە ماوە. من دڵنیام فریا دەکەوم سەرخەوێک بشکێنم.» بۆیە لە سێبەری ئاشێکی ئاودا لێی ڕاکشا و دەمودەست چاوی چووە خەو.

قەڕاڵ لەوەدابوو لە شێوکردن ببێتەوە و پیاوە خۆشبەزەکە هێشتا نەگەڕابۆوە... ئەو پیاوەیان کە هەموو شتێکی دەبیست، گوێی بە زەوییەوە نا و وتی:

«دڵم خەبەری دابوو. ئەوەتا لەپاڵ ئاشی ئاوەکەدا ڕاکشاوە و خەوی لێ کەوتووە!»

تیرەندازەکە دەستی دایە تفەنگەکەی، نیشانەی لە ئاشەکە گرتەوە و تفەنگەکەی ئاگردا. گوللەکە ئامانجی پێکا و پیاوە خێراکەی لە خەو ڕاپەڕاند. بە قەڵەمباز دەهاتە ڕێوە. دوای پشوویەکی کورت گەیشتە کۆشک. قەڕاڵ هێشتا خوانی جێ نەهێشتبوو، کە ئەو شووشەیەک ئاوی ژیانی لە کانیی ژیانەوە پێشکەش کرد.

بۆ دەرباز بوون لەم حاڵە، قەڕاڵ بیری لەوە کردەوە ئەرکێکی نوێیان بەسەردا بدات. بۆیە خزمەتکارەکەی بانگ کرد و بڕیاری خۆی پێ





ڕاگەیاند.

«ئێستا ئیڤان سەلماندوویەتی چاپووکە و توانای کار ڕاپەڕاندنی هەیە. بەڵام من دەمەوێ زیاتر تاقی بکەمەوە. دەبێ خۆی و هەڤاڵانی بە ژەمێک دوانزە گای برژاو و دوانزە تەلیس نان بخۆن.»

پیاوە گوێ سووکەکە هەموو ئەم قسانەی بیست و بۆ ئیڤانی گێڕایەوە. ئیڤان بە بیستنی شڵەژا، وتی:

«من ئەو هەموو نانەم بە جارێک بۆ ناخورێ.»

زۆرخۆرەکەیان وتی:

«تۆ پێویست ناکات خۆت سەغڵەت بکەی. من دەتوانم هەموو ئەوانە بە زیادەوە بخۆم!»

یەکسەر دوای ئەم قسانە خزمەتکار گەیشت و فەرمانی قەڕاڵی ڕاگەیاند.

ئیڤان وتی: «زۆر چاکە. هەموو ئەوانە بێنە و ئێمەش دەیانخۆین.»


دوانزە گای برژاو و دوانزە تەلیس نانیان هێنا. زۆرخۆرەکەیان هەمووی خوارد.

ئەمجا وتی:

«ئاه... ژەمێکی چەور بوو. بەڵام داخم ناچێ بۆ یەک پارووی دیکە!»

پەڵپی ئەمجارەی قەڕاڵ ئەوە بوو، دەبێ ئیڤان و هەڤاڵانی بێ





پشوودان بیست و چوار بەرمیل ماستاو بخۆنەوە... گوێ سووکەکە، گوێی لەم داواکارییەی قەڕاڵ بوو کە بە خزمەتکارەکەی گوت. ئەمیش ڕێک وەک خۆی بۆ ئیڤانی گێڕایەوە.

ئیڤان وتی:

«ئەی هاوار بە حاڵمان... من خۆم ناتوانم بە جارێک تاکە بەرمیلێکیش ماستاو بخۆمەوە.»

هەڤاڵە تینووەکەیان وتی: «هەر بیریشی لێ مەکەرەوە. من لە بری هەمووتان ئەم کارە دەکەم. هەمووی دەخۆمەوە و بگرە هێشتا تینوویێتیشم ناشکێنێ.»

کاتێ بیست و چوار بەرمیلە ماستاوەکە بە تلدان گەیشتن. پیاوە تینووەکە بەرمیل لە دوای بەرمیل هەموویانی چۆڕبڕ کرد. دوای ئەوەی لێ بۆوە وتی: «بەری دڵی گرتم. بەڵام بریا قومێکی دیکەشم دەخواردەوە.»

ئیدی قەڕاڵ فەرمانی دا، وەک مەراسیمی خۆ ئامادەکردن بۆ زەماوەند، دەبێ ئیڤان بە باشی لە گەرماودا خۆی بشوات... بەڵام گەرماوەکە لە میتاڵ دارێژرابوو. خزمەتکارەکانیش دەستووریان وەرگرتبوو کە بە ڕادەیەکی ترسناک جۆشی بدەن. بە ڕادەیەک، ئیڤان و هەڤاڵانی تێیدا بپیشێن و هەناسەیان لێ ببڕێ.

نێلەنێلی ئاگر، گەرماوی هێنابووە کوڵ و جۆش. ئیڤان خۆی پێداکرد. بەڵام ئیڤان جووتیاری بەڵم بەکۆڵیشی لەگەڵ خۆیدا برد. ئەو





ژێر پێکانی ئیڤانی کرد بە بەڵم. بەرلەوەی بێتە دەرەوە، برێکیشی بە زەمینی گەرماوەکەدا بڵاوکردەوە. ئیدی گەرماو تەواو سارد بۆوە. ئاوەکەی بەستی و بوو بە سەهۆڵ.

ئیڤان بەپەلە خۆی شۆرد. لە بان تەنووری گەرماوەکە ڕاکشا و بە درێژایی شەو لەوێ مایەوە.

بەیانی کە دەرگای گەرماویان کردەوە، دیتیان ساغ و سەلامەتە.

بەڵکو بە تەواوی ئاسوودەییەوە لەسەر کوورەی گەرماوەکە نوستووە. کاتێ قەڕاڵ ئەم هەواڵەی بیست، تەواو توورە بوو. نەیزانی لەوە زیاتر چی لەگەڵ بکات. قەڕاڵ لە ئاستی ئەم خوازبێنیکەرە لاوەدا هیچ بیانوویەکی دیکەی بە خەیاڵدا نەهات.

دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ، قەڕاڵ بڕیاری دا کێشەکەی بەرەو ڕووی سوپا بکاتەوە. بە خزمەتکارەکەشی گوت: «چۆن جووتیارێکی ساکار دەتوانێ بەرامبەر هەموو سوپا خۆی ڕابگرێ؟»

کاتێ ئیڤان ئەم هەواڵەی زانی لە ترساندا لەرزی، وتی:

«ئیدی تەواو من دۆڕاندم.» هەروەها بەهەڤالانیشی وت:

«ئێوە زۆر جاران لە کاتی پێویست و تەنگانەدا بە هانامەوە هاتن، بەڵام ئەمجارەیان هیچ بوارێک بۆ ڕزگاربوون نەماوە.»

جووتیاری کوڵەدار لە پشت وتی: «ئێستا گوێ بگرە... ئەم دەرفەتە تەواو بۆمن گونجاوە. تۆش هیچ پێویست ناکات خۆت سەغڵەت بکەی.»





دەستبەجێ خزمەتکارەکان گەیشتن و بە ئیڤانیان ڕاگەیاند:

«ئەگەر تۆ سووربی لەسەر خوازبێنیی شازادە خان، ئەوا دەبێ سبەی لەگەڵ گەردوگوڵی بەیاندا خۆت بۆ بەرەنگاریی هەموو سوپا ئامادە بکەی.»

ئیڤان وتی: «چاکە، من ئامادەم... بەڵام ئەگەر دوای ئەمەش قەڕاڵ هەر وازی لە فێڵ و تەڵەکە نەهێنا، ئەوا من سەراپای وڵاتەکەی تەفروتوونا دەکەم!»

لە تاریکایی شەودا، پیاوی کۆڵەدار لە پشت، چووە دەرەوە.

بە ڕاست و چەپدا دارەکانی بڵاوکردەوە. دەستبەجێ سوپایەکی مەزن لە سوارە و پیادە، تەیار و پڕ چەک، بە تۆپخانەوە ئامادەی مەیدان بوون.

بەیانی، کاتێ قەڕاڵ لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە دەرەوەی بینی. لە جێی خۆی وشک وەستا و ئەوق بوو. ئەو زوو لەوە تێ گەیشت کە ئەم جەنگەی دۆڕاندووە. بۆیە لە بری جەنگ بڕیاری دا جلوبەرگی بە نرخ و شیاو بۆ ئیڤان بنێرێ. ئیدی با تەشریف بۆ کۆشک بهێنێ و لەگەڵ شازادە خاندا زەماوەند بکات.

تەواو لەو دەمەدا کە ئیڤان دەچووە نێو کۆشکەوە، براکانیشی گەیشتن. ئەوان زۆر بە زەحمەت برا لاژگەکەی خۆیان ناسییەوە، کە پۆشاکی رەسمیی لاوانی لەبەردا بوو.

شازادە خان یەکسەر دڵی بە ئیڤاندا چوو. زەماوەندەکەیان حەوت





ڕۆژی خایاند... لەو دەمەدا کە ئاهەنگ بەرەو کۆتایی دەچوو، هەڤاڵەکانی سواری کەشتییە باڵدارەکە بوونەوە... بەرەو دنیای بەرین، بۆ تۆمارکردنی چیرۆکێکی دی فڕین... بەڵام ئەوەیان لە دەرفەتێکی دیکەدا دەبیستن...

سەبارەت بە ئیڤان خۆیشی، دەگێڕنەوە کەوا، لەگەڵ ڕۆژگاردا بووە بە فەرمانڕەوایەکی میهرەبان و دانا. چونکە ئەو بە چاکی لە حاڵ و گوزەرانی خەڵکی سادە شارەزا بوو.


سەرچاوە:

Det flyvende skib
Fortalt af Alexander Afanasjev
På dansk ved EjnarAgertoft
Agertofts Forlag 1996.
ISBN 87 - 89970 - 63 - 2.

